# حیكمەت لە ماچكردنی بەردە ڕەشەكە

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## شێخ محمد بن صالح العثيمين


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# الحكمة من تقبيل الحجر الأسود

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد بن صالح العثيمين


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حیكمەت لە ماچكردنی بەردە ڕەشەكە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد بن صالح العثيمين كراوە ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

**پرسیار** : ئایا حیكمەت لە ماچكردنی بەردە ڕەشەكە تەبەڕوك كردنە پێی .

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەفەرموودەیەكی صەحیحدا حیكمەتی تەواف كردنی ڕوون كردوەتەوە، وەك فەرموویەتی : « إنما جعل الطواف بالبيت والسعي بين الصفا والمروة ورمي الجمار لإقامة ذكر الله » [ رواه أحمد وأبو داود، والترمذي وقال حديث حسن صحيح ] .

واتا : تەواف بەدەوری بەیت و هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروە وبەرد هاوێشتن بۆ جەمەرات بۆ یاد وذیکری خودا دانراوە .

ئەو کەسەی تەواف دەکات بە دەوری ماڵی خوای گەورەدا بەدڵی خۆی پەروەردگاری باڵادەست بە گەورە و عەظیم دادەنێت، هەر بۆیە وای لێدەکات کە بەردەوام یاد وذیکری خوای گەورە بکات، هەموو حەرەکات و سەکەنات وجمو جوڵێکی لە ڕۆشتن وماچکردن ودەست دان لەبەردە ڕەش و ڕوکنی یەمانی، یان ئاماژە کردن بۆ بەردە ڕەشەکە لەکاتێکدا نەیتوانی ماچی بکات، هەر هەمووی بەدەم یاد وذیکری پەروەردگارەوە ئەنجام دەدات، چونکە هەمووئەمانە لە عیبادەتەکانی ئەو ذاتە پیرۆزەن، هەموو عیبادەت و پەرستنێکیش بە مانا گشتیەکەی واتای یاد وذیکری خوای گەورە دەگەیەنێت، ئەوەشی کە بە زمانیدا دێت، لە (اللە أکبر ) کردن و ذیکر و پاڕانەوە هەمووی بەشێکن لە یادی خوای گەورە کردن، بە نسبەت ماچکردنی بەردە ڕەشەکەشەوە خۆی لەخۆیدا یەکێکە لە عیبادەتەکان، وە کاتێك مرۆڤی موسڵمان ئەو

بەردە ڕەشە ماچ دەكات هیچ پەیوەندیەكی بەوەوە نییە كە ئەو بەردە ڕەشە زیان یان سوود بەو كەسە دەگەیەنێت، تەنها ئەوەندە هەیە ئەو ماچكردنە عیبادەتێكە ومەبەست لێی تەعظیم كردنی خوای گەورەیە و شوێن كەوتنی پێغەمبەرەكەیەتی لە چۆنیەتی عیبادەت كردندا، هەروەك لە عومەری كوڕی خەتابەوە ( خوای گەورە لێی ڕازی بێت ) جێگیر بووە كاتێك كە بەردە ڕەشەكەی ماچكردوە ووتویەتی : « إني أعلم أنك حجر لا تضر ولا تنفع ولولا أني رأيت النبي - صلى الله عليه وسلم - يقبلك ما قبلتك » [ رواه البخاري ومسلم ] .

واتا : من دەزانم كە تۆ تەنها بەردێكیت، هیچ زیان و سودێك ناگەیەنێت، ئەگەر پێغەمبەرم ( صلى الله عليه وسلم ) نەبینیایە كە ماچی كردویت، منیش ماچم نەدەكردیت .

بەڵام بە نسبەت ئەوەی هەندێك لە كەسانی نەخوێنەوار و نەزان ئەو بەردە ڕەشە بە نیەتی تەبەڕوك كردن ماچ دەكات، هیچ

بنەمایەکی نییە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، و کارێکی بەتاڵە، وە بە نسبەت ئەوەی کە هەندێك لە کەسانی زەندیق وادەزانن تەواف کردن بەدەوری ماڵی خوادا وەك تەواف کردن وایە دەوری گۆڕی ئەولیاکانیاندا، با ئەوانە بزانن ئەم جۆرە لەبیر کردنەوە خۆی لەخۆیدا بت پەرستیە، ئەمەش بەشێکە لە زەندیقی و ئیلحادی ئەوان، چونکە باوەڕداران بە فەرمانی خوای گەورە تەوافی ماڵەکەی خۆی دەکەن، هەر کارێکیش بە فەرمانی خوای گەورە بێت، بێگومان بە عیبادەت دادەنرێت .

ئایا نازانیت کە سوژدە بردن بۆ غەیری خوای گەورە بە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا دادەنرێت، بەڵام کاتێکیش خوای گەورە فەرمان دەکات بە فریشتەکان کە سوژدە ببەن بۆ ئادەم، ئەو سوژدە بردنە مادام فەرمانی خوای گەورەیە بە عیبادەت دادەنرێت، و سەرپێچیەکەشی بە بێاوەڕی دادەنرێت، وەك شەیتان سەرپێچی فەرمانەکەی خوای گەورەی کرد .

بەم شێوەیەش ڕوون بویەوە کە تەواف کردن بە دەوری ماڵی خوای گەورەدا یەکێکە لە پیرۆزترین عیبادەتەکان، وە یەکێکە لەڕوکنەکانی حەج، حەجیش یەکێکە لە ئەرکانەکانی ئیسلام، بۆیە دەبینین ئەو کەسەی تەواف بەدەوری ماڵی خوای گەورەدا دەکات، تام وچێژێکی خۆش لەو تەواف کردنە دەبینیت بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو کەسە بە شێوەیەکی لەسەر خۆ و بەدڵێکی ئامادەوە ئەو تەوافە ئەنجام بدات، ئەوا هەست بە نزیکی خۆی دەکات لە پەرەردگارەوە، پەروەردگاری بەرز و بڵندو وبەدەسەڵات .

خوای گەورەش یارمەتیدەری هەمووان بێت .

سەرچاوە : فتاوی العقیدة، الشیح محمد بن صالح العثیمین لاپەڕە ٢٨-٢٩ .